# بەیانی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق سەبارەت بە چارسەری کیشەکانی ناو اتحاد مجالس

ماوە دوو سالە کۆمەلیك کیشەو ناکۆکی لە ناو رابەری اتحاد مجالسدا سەری هەلداوەو لە ئاکامی ئەوەشدا ریزی ئەم ریکخراوە پەرتو بلاوبوو وە چەند لیکدابرنیکی لیکەوتەوە. ئەم رووداوانە هۆکارەکانی هەر چیەك بیت، زەربەیەك بوو لە بزوتنەوەی کریکاری.

مەکتەبی سیاسی حککع لە روانگەی بە تەنگەوەهاتنی بۆ بزووتنەوەی کریکاریو یەکێتی ریزەکانی اتحاد مجالس، لە کۆبونەوەیەکی خۆیدا بە بەشداری سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی حیزب، بە دورودرێژی لەسەر ئەم کیشانە قسەی کردو هەموو لایەنەکانی لیکدایەوەو لە کۆتایدا بە شیوەیەکی یەکدەست پێداگری توندی کرد لەسەر هەولی پەیگیرانە بۆ یەکخستنەوەی ریزەکانی ئەم ریکخراوەو یەکگرتوو کردنەوەی هەموو پارچەکانی.

بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی پێکهێنا تا لەگەڵ هەموو لایەنەکانی کێشەکاندا دانیشتن بکەن‌و لەسەر رێگاچارەیەك کە مەکتەبی سیاسی پێشنیاری کردوە پێکبێن. وەکو ریگاچارەی کیشەکانیش کۆبونەوەکە یەکدەست ئەم چەند خالەی پەسەند کرد:

– پێکهێنانی لیژنەی بەدواداچوون لەلایەن مەکتەبی سیاسیەوە بۆ بەستنی کۆنگرەی سێهەمی یەکێتی شوراو نەقابە کرێکارییەکان بە ڕیکەوتن لە گەل خۆیان.

- مەکتەبی سیاسی کارەکانی ئەم لیژنەیە دیاریدەکات.

- لیژنەی بەدواداچوون کۆبونەوە لەگەل هەموو لایەنەکاندا دەکات.

- ناردنی نامەیەك لە لایەن ئەوانەی کە بەیانیان ناردو بۆ ریکخراوە جیهانیو ناوچەییوعێراقیەکان. ئەمەش بۆ سەحبکردنەوەی ئەو توهمانەو هەر خروفاتێکی تر لەمبارەوە.

- دەرکردنی بەیانیکی هاوبەش، بۆ تێپەراندنی کۆسپو بەرانبەرکێکانی ماوەی پێشوو.

مەکتەبی سیاسی حککع بانگەوازی هەموو هەلسوراوانو رابەرانی یەکیتی شوراو نەقابە کریکاریەکان دەکات کە پشتیوانی لەم هەولو ریگاچارەیە بکەن‌و ریگا نەدەن چیتر ئەم کیشمەکیشە زیانبارەو ئەم پەرتوبلاوییە درێژە بکیشیت.

**مەکتەبی سیاسی**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
2007/8/24